# بابە! دایە!

سیروان کاروانی

بۆ 16ی3

**بابە! دایە!**
**قەدەرێکە خەوم نایە**
**لەسەر کۆڵان پێیان گوتم:**
**بۆ هێندە گەرووت پەنمایە**
**منیش گوتم: باوانم نەمایە**
**خێڵی بن عوربان دەزانن**
**دارلاستقەکەشم ئەنفال کرایە**
**عەلەی عۆجە دەزانێ**
**خوشکم لە کوێ نێژرایە**
**زەریای ئیجە دەزانێ**
**کاکیشم لەوێ خنکایە**

**بابە! دایە!**
**کەیفم هیچ بە ڕۆژ نایە**
**من شەوم لەلا چرایە**
**ئاخر ڕۆژان هەڵدەکرِوزێم**
**شەوان ئێوەم لەلایە**

**تا لە بۆنتان تێر دەبم**
**سەرم لە باوەشتاندایە**

**ڕاستی بابە!**
**ڕۆژەکان زۆرن،**
**هەر لە وڵاتی ئێمە وایە؟**
**ئاخر دایە!**
**شەوەکان ئێسکسووکن،**
**لەبەرچی وایە؟**

**هۆ بابە! دایە!**
**مەعز بۆ ئەو خوایە**
**دە توخوا**
**بە ڕۆژیش وەرنە ئەملایە**
**ئاخر من ئێستا بێ ئێوە**
**خەوم نایە! خەوم نایە!**
**سوێد**